شیعری وەرگەڕاو

# شینی بۆرخێس بۆ خۆی

و: سابیر مەلوول



١ـ سنوورێک

دێرە شیعرێکی «ڤێرلین» هەیە
نایەتەوە یادم جارێکی تر
شەقامێکی نزیک هەیە
یاساغە پێی بخەمە سەر
وێنەیەک هەیە بۆ دواجار بینیمی
دەرگەیەک هەیە تا کۆتایی دنیا
گرتم و پێوەم دا
لە نێو کتێبەکانی کتێبخانەکەمدا
«هێمان لە بەردەممدان»
کتێبگەلێک هەیە چیدی هەرگیز نایانکەمەوە
ئەم هاوینە پەنجاساڵی قەپات دەکەم
مەرگیش هەر قەپاڵم لێ دەدا و

## ٢ـ رازگەلێک

ئەمڕۆ کە من ئەم بەیتانە دەچڕم
سبەینێ لاشەیەکی پڕ نهێنی و رازدارم
ئارامگام مەملەکەتێکە
سیحراوی و قاقڕ
بەبێ پێشتر یان کەی یان دواتر
سۆفیستەکان وا دەڵێن بێ مشتومڕ
من بڕوام بە خۆم هەیە؛
نەشایستەی بە هەشتم نەدۆزەخ و
نەپێشگوییەکان
حیکایەتی هەموو مرۆڤێک
وەک شێوازە ئاوییەکەی «پرۆتس»
دەگۆڕێت بەبێ وچان
ونستانی کام شکۆمەندی؟
ترووسکەی کوێری کام سەربەرزیی؟
چارەنووسمە
کاتێک کۆتاییی ئەم سەرچڵییە
بەزۆرزانیی لاپرسەنی مەرگم دەسپێرێ؟
ئای کاشکا بادەی سافی بلورینی
سەبوریی و زیندەگیم بنۆشیایە
تا بۆ هەمیشە بژیامایە!
ئای سەت خۆزگە
هەر لە بنچینەدا
نەبوومایە



## ٣. شیننامەیەک

وای لە چارەنووسی بۆرخیس چی بەخت و چارەیەکی سیا
بەدەریاگەلێکدا سەفەری کرد جودا لە دنیا
یان بە دەریایەکی تەنیاییدا ڕۆیشت و
لەگەڵ ناوگەلێکدا بووە یەک، ناوی جیاجیا
تاوەکو بۆ دوو فلس دەوربگێڕێ
لە ئەدەنبەرە و زرویخ
یان لە تەکساس و کۆڵۆمبیا
تا لە کۆتاییەکانی
وەچە یەک لە دوای یەکە ئەدگار گۆڕاوەکانەوە،
بگەڕێتەوە خاکی  باوباپیران
بۆ ئەندەلووس و پورتوگال
بۆ ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا
سەکسۆنییەکان و دانمارکییەکان
بەشەڕ هاتن و تێکەڵاوی یەک بوو خوێنیان
تا بەناو ونستانی سوور و ئارامی
شاری لەندەندا بسووڕێتەوە و چەرخ لێ بدا
تا بە چەندین ئاوێنە پیر ببێ  پیر؛
پیر و زۆرهان
تا بێهوودە لە مەڕمەڕێک بگەڕێت نیگا بکات نیگا
تا لە کتێبەکانی چاپی بەرد و ئەتڵەسەکان و
ئەنسکلۆپیدیاکانەوە فێر ببێ
تا شتگەلێک ببینێ کە خەڵک بینی:
مردن ببینێ و بوولێڵی خامۆش ببینێ و
پێدەشت ببینێ و ئەستێرە ناسکەکان.



**تا هیچ شتێک نەبینێ تەقریبەن هیچ شتێک،**

**جگە لە روخساری کچۆڵەیەکی بۆینس ئایرسی**

**روخسارێک کە نایەوێت تۆ**

**بیهێنیتەوە یاد**

**وای لە ناوچاوانی بۆرخیسی دڵ پڕ لە سۆ**

**رەنگە هیچ کەسێک نەبێ وەک تۆ**

**غەریب و نامۆ!**

---

تێبینی:

١- سیا: رەش

٢- زۆرهان: زۆرپیر

٣- ونستان: المتاهە

سەرچاوە: مرآة الحبر/ بورخیس دار علاء الدین - سوریا ٢٠٠١

